سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەنجامی گشتی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق ئاشکرا دەکات

مەحەمەد شیاع سوودانی لە کۆنگرێیکی ڕۆژنامەوانییدا، ئەنجامی بڕایی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووانی عێراقی ڕاگەیاند کە لە ڕۆژانی 20 و 21ـی ئەم مانگە ئەنجامدرا.

سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند کە بەپێی ئەنجامی سەرژمێریی، ژمارەی دانیشتووانی عێراق، گەیشتووەتە 45 ملیۆن و 407 هەزار و 495 کەس، ئاماژەی بۆشکرد، کە ڕۆژی دانیشتووان لە شارەکاندا، گەیشتووەتە 70,3% و ژمارەی گوندنشینەکان گەیشتووەتە سەدا 29,7%.

هەروەها باسی لەوشکرد کە ژمارەی خانووەکان لە عێراق، گەیشتووەتە حەوت ملیۆن و 897 هەزار و 588 خانوو و گوتی: "ژمارەی ئەندامانی هەر خانوویەکی مامناوەند لە عێراق بریتییە لە 5,3 کەس".

ڕاشیگەیاند کە هەر بەپێی ئەنجامی سەرژمێریی، ژمارەی ڕەگەزی نێر لە عێراق، گەیشتووەتە 22 ملیۆن و 784 هەزار و 62 کەس، کە دەکاتە لە 50,1ـی دانیشتووان و ژمارەی ڕەگەزی مێ، گەیشتووەتە 22 ملیۆن و 623 هەزار و 833 کەس کە دەکاتە لە سەدا 49,8ـی دانیشتووانی عێراق.

هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە عێراق چووەتە قۆناغی بووژانەوەی دیموگرافیەوە، بەوپێیەی ڕۆژی دانیشتووان بە کارکردن، گەیشتووەتە سەدا 60 و گوتی: "ڕۆژی دانیشتووانی ژێر تەمەنی کارکردن کەمتر لە 15 ساڵ، گەیشتووەتە سەدا 36,1 و ڕۆژی دانیشتووانی تەمەنی کارکردن لە نێوان 15 بە 64 ساڵ،

گەیشتووەتە سەدا 60,2 و هەژدە دانیشتووانی سەرووی تەمەنی کارکردنی 65 ساڵ و سەرووتر، گەیشتووەتە سەدا 3,7".

ئاماژەی بۆشدا کە ژمارەی ماڵان لە عێراق، گەیشتووەتە 8 ملیۆن و 37 هەزار و 221 ماڵ و گوتی:

"هەژدە خانوو، گەیشتووەتە 92,1% و هەژدە شوقە، گەیشتووەتە 6٫6% و هەژدە خانووی لە قۆناغی دروستکراو، گەیشتووەتە 0٫4%".